نازم حیکمەت.. شاعیری ئازادی گەلانی جیهان

بۆتان جەلال

نازم حیکمەت بە دیارترین کەسایەتی ئەدەبی تورکی لە سەدەی بیستەم دەناسرێت و بە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری تورکی لەقەلەم دەدرێت، لەسەر دەستی ئەو شیعری تورکی قۆناغی کلاسیکی (کێش و سەروا")ی بەزاند بەرەو ئاسۆی فراوانی شیعری ئازاد هەنگاوی نا، بە نوێکردنەوەی زمان و داهێنان لە شکڵ و ناوەڕۆک، شیعری تورکی بەرەو فەزایەکی کراوەو شەفاف برد، بەر لە ئەو بە سەدان ساڵ بوو شاعیرانی تورک درێژە پێدەری جۆرێک لە شیعری کێش و سەروا ببوون و نەیاندەویسیت لەو ستایلە کۆن و تەقلیدە ڕزگاریان ببێ، ئازایەتی و بلیمەتی نازم حیکمەت کۆتایی بەو قەیرانە هێنا شیعری تورکی بە دنیا ناساند، ناکرێ باس لە ژیانی نازم بکرێ تیشک نەخرێتە سەر هەنگاوە نوێیەکانی لە بواری ئەدەبەکەیدا چونکە ژیانی شاعیرو گرفتەکانی لە بواری نوێخوازی لە شیعردا، لە کۆتایی ڕێگادا یەکدەگرنەوە، کە بریتیە لە گرتن و بەندکردن و ئاوارەیی و ژیانی تاراوگە و دەست بەسەر داگرتنی کتێب و شیعرەکان و کپکردنی ئەو دەنگەی کە ناحەزانی ئازادی پێی قەڵس دەبوون.

شاعیر عەشقی میللەت و نیشتمانەکەی بوو، دەیویست میللەتانی دنیاش بەسەر بەرزی و ئازادی بژین و کۆت و زنجیری دەرەبەگ و سوڵتانەکان لە دەست و قاچی مرۆڤە ئازادیخوازەکان هەڵماڵێت، سەرەڕای هەوڵەکانی گرتن و ئازاردانی شاعیر، ناوداری و دەنگە بە سۆزەکەی لە ڕێگای شیعرە بە نرخەکانی گەیشتنە دەرەوەی خاکی تورکیا، هەموو جیهان ئەمڕۆ نازم حیکمەت وەک شاعیرێکی ئازادیخوازی گەلانی دنیا دەناسێت، هەمیشە بەرامبەر کردارەکانی دەسەڵاتداران و میرو سوڵتانەکان دەیگووت من یەک گوناهم هەیە، ئەویش ئەوەیە "میللەتەکەم، وڵاتەکەی خۆم خۆشدەوێت "، من دەمەوێ هەموو گەلانی جیهان بە ئازادی بگەن، هەژاری و نەداری و ستەم و زوڵم قەڵاچۆ بکرێت، بۆیە بە شاعیری بەشەریەت چووە نێو لاپەڕەکانی فەرهەنگی ئەدەب .

لە هەڵبژاردنی شێوازی شیعر سەرکەوتوو بوو، لە ناوەڕۆک و وشە و رستە و زمان و ستایلەکانی نووسینی شیعردا دەست ڕەنگین بوو.

شیعرەکانی ساکار و شەفاف و واتادار بوون، دیالۆگ دروسکردن بوو لە نێوان خۆی و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و هەتا ئەو کەسانەی کە بە سادەیی لەسەر شەقام ژیان دەبەنە سەر، بۆیە بابەتەکانی زۆرترین خوێنەریان هەبوو، هێما و دەستەواژەکان کە لە شیعرەکانیدا بەرجەستەیانی دەکرد ڕەمز و سیمبولی کەسانی نێو نەتەوەکەی بوون هەتا ئەو کەسە پیاوێکی میللی و سادەش بووایە، بەڵام دەست نیشانکردنیان مانا و دەلالەتی گرنگی دەبەخشی و دەیویست لەو ڕێگایەوە فەرهەنگ و کەلەپوری تورکی وێنا بکات و لەناوەوە بۆ دەرەوەی خاکی تورکیا بیانپەڕێنێتەوە بە گەلانی دنیایان بناسێنێ، شاعیر لە شاری سالۆنیکا کە دەکەوێتە باکوری یۆنان کە ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان بوو لەساڵی 1902لە دایکبووە، لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی پەروەردە کراوە، باپیری نازم پاشا مەولەوی دەستی شیعر نووسینی هەبووە چەند هۆنراوەیەکی ئایینی لە دوای خۆی ماونەتەوە، باوکیشی حیکمەت پاشا فەرمانبەر بوو لە کونسوڵخانەی تورکیا لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیاو فەرمانبەرێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بووە، هەرچی دایکیشی بوو کە ناوی جەلیلە هانم بوو وێنەکێش و پیانۆژەن و خوێنەرێکی بە سەلیقەی ئەدەبیاتی فەڕەنسی بووە، نازم حیکمەت لە ماڵێکی پڕ لە کتێب و ڕۆشنبیری و هونەرپەرستیدا چاوی هەڵهێناوە .

لە منداڵیەوە گوێچکەکانی بە سروودی نیشتمانی و ئایینی ڕاهاتووە و چاوەکانیشی بە کتێب و سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی تورکی و فەڕەنسی، لە هەڕەتی مێردمنداڵیەوە دەستی بە شیعر دانان کردووە، تەمەنی 13ساڵ بووە یەکەم قەسیدەی نووسیوە کاتێ کە ئاگر لە ماڵێکی نزیک ماڵەکەیان بەردەبێت سۆزی دەجولێ و بەسەر ئەو کارەساتەدا شیعرێک دەنووسێت .

بەشێک خوێندنی لە قوتابخانەیەکی فەڕەنسی لە ئەستەمبۆل تەواو دەکات،، پاشان دەچێتە کۆلێژی دەریاوانی، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستیەکەی ناچار دەبێت واز لە کۆلێژ بهێنێت، پاشان لە شاری بۆلۆ لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەک مامۆستا دادەمەزرێت، ساڵی 1922ڕوو دەکاتە ڕووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) کە هێشتا لەو وڵاتەدا نەشئەو دەنگۆی سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917کە بە شۆڕشی بەلشفیەکان ناسراوە بەربڵاوبوو، شاعیر لەو گەشتەیدا لە نێوان ژمارەیەک ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕووناکبیرانی دنیا ناردرابوونە ڕوسیا تا ئەزموونی شۆڕشی نوێ و دەسکەوتە ڕۆشنبیریەکان و دادپەروەری و ئازادی گەلان ببینن، نازم حیکمەت لاوی تازە هەڵچووی مەست بە بیرباوەڕەکانی مارکسیەت چووە کۆلێژی مۆسکۆ لەوێ درێژەی بە خوێندنی داو سەبارەت بە زانستی ئابووری و کۆمەڵناسی شتێکی نوێی لێ فێربوو ..

ساڵی 1924گەڕایەوە تورکیا، بەڵام گەڕانەوەی ئەمجارەیان شادومانی نەکرد کە هەستی دەکرد ئەو پاڵەوانە نەتەوەخوازەی کە هەموو هێماو، شیعارەکانی باسیان لە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵگە دەکرد، کەچی بۆتە دیکتاتۆرێک کەوتۆتە گیانی تورکە ئازادیخوازەکان، ئەو گۆڕانە بۆ ژیان و داهێنانەکانی شاعیر زۆر گەورە و کاریگەر بوون، بە هەموو هێزو تواناکانی بە نووسین و گفتوگۆکردن بەرپەچی هەڵوێست و کردارە فاشیەکانی (ئەتاتورکی)دەدایەوە زۆری پێنەچوو لەلایەن پیاوانی ئەتاتورکەوە بڕیاری گرتن و بەندکردنی دەرچوو، بەوەیان تۆمەتبار دەکرد کە هانی چەپڕەوەکان دەدات کە خەڵک لە دەسەڵات پف دەکات و کوتلە و ڕێرەوی جەماوەری دژ بە ڕژێمی کەمال مستەفا ئەتاتورک ڕێکدەخات، ساڵی 1926توانی خۆی ڕزگار بکات و بەرەو ڕووسیا ڕابکات، لەوێ دەستی کردەوە بە نووسینی شیعرو شانۆنامەکانی و لەوێشدا لەگەڵ گەورە نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندی دۆستایەتی دروستکرد لەوانەش لەگەڵ شاعیری گەورە (مایاکۆفسکی) کە لە شیعرەکانیشدا ئەو پەیوەندیکردنە ڕەنگدانەوەی هەبوو، ساڵی 1928 لێبووردنێکی گشتی بۆ لاوان لە تورکیا دەرچوو، شاعیر جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە وڵات، لەبەر ئەوەی شاعیر ئەندامێکی چالاک و دیاری حیزبی شیوعی تورکی بوو، لە کارکردنی ئازادانە قەدەغە کرابوون، دەکەوێتە ناو ژیانێکی دڵەڕاوکێ و بەرچاوی سانسۆرو جاسوسان، دیسان دەستگیرکرایەوە و تا ساڵی 1935لە لێبوردنێکی گشتی ئازاد دەکرێتەوە، لە نێوان ساڵانی 1936-1929ئەو کاتەی کە ژیانی لە بەندیخانە دەبردە سەر ((9کتێبی بڵاو کردەوە لەوانە((5یان کۆمەڵە شیعربوون ((4شیان دەقی درێژی شیعر، ئەم بەرهەمانە شۆڕشێک بوون دژی شیعری کلاسیک و لەهەمان کات شۆڕشێک بوون دژی عەقڵیەتی پیاوانی ڕژێم، ئەوەبوو لە کانوونی دووەمی ساڵی 1938جارێکی دیکە خۆی لە ژوورە تاریکەکانی گرتووخانەیەک دۆزیەوە ئەمجارەیان بە 28ساڵ بەندکردن سزا درا، تۆمەتەکەشی ئەوەبوو کە گوایە دژی نازیەت و ڕژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا وەستاوە، بەڵام زیاتر بە هۆی ئەو شیعرەوە بوو کە بەناوی (داستانی بەدرەدین) لەساڵی 1963 بڵاوی کردبۆوە کە باس لە فەیلەسوف و زانای ئایینی بەدرەدین ئەلسەماوی دەکات کە یەکەم پێشەنگی شۆڕشی چاکسازی تورکیە کە بانگەشەی ئازادی و چاکسازی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لەناو کۆمەڵگای تورکیا دەکردو دەیویست جیاوازی ڕەگەز و ئایین لەناو میللەتانی تورکیا نەهێڵێت، بەڵام شۆڕشەکە بە ئاگر و خوێنرشتن وەڵام درایەوە، داستانی بەدرەدین دواین کتێب بوو کە شاعیر لە تورکیا بڵاوی کردبێتەوە، پاشان هەموو بەرهەم و کتێبەکانی نازم حیکمەت لە تورکیا قەدەغە کران، دوازدە ساڵی کۆتایی ژیانی لە نێوان بەندیخانەکانیدا بەسەری بردن و لەو ماوەیەشدا (منەوەر)ی هێنا، ئەو ژنەی لە زۆرێک لە هۆنراوەکانیدا ناوی دەبرد، منەوەر ژنی دووەمی بوو، ساڵی 1922ژنی یەکەمی هێنا، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت وازی لێهێنا .

شیعرەکانی شاعیر لە بەندیخانە زیاتر پێگەیشتن و ڕوونتر و ئازایەتر دەنگی بەرامبەر زوڵم و ستەم هەڵدەبڕی و سەری بەرزی بۆ پیاوانی سوڵتان و دیکتاتۆرەکان نزم نە دەکرد و بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ دەکرد و ڕۆژێک قەڵەمی لە نووسین نەکەوت تا ئەو کاتەی لە 3ی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1963دڵی لە لێدان کەوت، بەڵام ژیانی بردەوە سەرەڕای ئەوەی میوزیکژەنی ناوداری یۆنانی (سیۆدراکیس) ئەلبوومێکی نوێی ئامادە کردووە ئاوازی بۆ چەند دەقە شیعرێکی شاعیری گەورەی تورکی (نازم حیکمەت) لە خۆ دەگرێت کە کاتی خۆی شاعیری ناسراوی یۆنانی (ریتسۆس) بە ناونیشانی (لە ژێر بەفر) بۆ سەر زمانی یۆنانی وەرگێڕابوون، شایانی ئاماژەیە، پەیوەندییەکی دۆستانەی پتەو لە نێوان نازم حیکمەت و ریتسۆس هەبووە و بە هۆی ئەو برادەرایەتییەوە ریتسۆس چەند دەقێکی هەڵبژێردراوی نازم حیکمەت وەردەگێڕێت، ئەلبوومەکە ئامادەیە بە جوانترین شێوەی هونەری بخرێتە بازاڕ، بەڵام لە پڕ کاتێک (محەمەد)ی کوڕی نازم حیکمەت بەم کارە دەزانێت ئاگاداری سیۆدراکیس دەکاتەوە کە ڕازی نابێت ئەو ئیشە ئەنجام بدات، چونکە خۆی تاکە میراتگری بەرهەمەکانی باوکییەتی، هەر کەسێکیش سوود لە بەرهەمەکانی باوکی وەربگرێت، دەبێ پارە بدات.

ئەمەش یەکەم جار نییە محەمەد تەگەرە دەخاتە بەردەم خاوەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوە و هونەرمەند و ئاوازدانەران بۆ بڵاونەکردنەوەی شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی باوکی، هۆکاری سەرەکی هەڵوێستی محەمەد بەرامبەر بە باوکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێ محەمەد تەمەنی ((3 ساڵان بووە وازی لە (منەوەر)ی دایکی هێناوە و دەریکردوون و پاشان ژنێکی دیکەی بەسەر دایکی فەرز کردووە، کە بووەتە مایەی سەرگەردانبوون و چێشتنی ئازارێکی زۆر بە دەست کار و کردەوەکانی باوکی..

ڕۆژ بە ڕۆژ دڵڕەقی کوڕەکەی نازم حیکمەت بەرامبەر بە مێژووی باوکی قوڵتر دەبێتەوە، بەهۆی ئەو خراپەکاریانەی شاعیر بەرامبەر کوڕەکەی کردوویەتی، ئێستا (ئەو کوڕە) ناوی ڕەسەنی باوک و باپیری خۆی گۆڕیوە و نازناوی بنەماڵەی دایکی خستۆتە پاڵ ناوەکەی، ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک ناوی خۆی کردۆتە محەمەد ئانداج بورزجسکی، لە جیاتی محەمەدی نازم حیکمەت!!

جگە لەمەش شکایەتنامەیەکی ئاڕاستەی دادگایەکی شاری ئەستەمبوڵ کردووە تیایدا خۆی بە تاقە میراتگری باوکی دەزانێت، ئەوە بوو لە ساڵی 1978دادگای ئەستەمبوڵ بە فەرمی محەمەدی بە میراتگری نازم حیکمەتی گەورە شاعیر سەلماند، کاتێک شاعیر واز لە ژنی دووەمی (منەوەر)ی دایکی تاکە کوڕەکەی دەهێنێ و لە گەڵ (فیبیرا) پەیوەندی گرێ دەدات، پێدەچێت لە دواییدا کردبێتیە هاوسەری خۆی، هەروەها پاش مردنی نازم حیکمەت لە ڕوسیا گۆڕەکەی لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە، چەند لایەنێک لە تورکیا لەم دواییە دا هەوڵێکی زۆریان دا گۆڕەکە بۆ تورکیا بگوازنەوە، دیسان کوڕەکەی بەم هەنگاوە ڕازی نەبوو گوتی: (باوکم شایستەی ئەوە نییە لە تورکیا بنێژرێت)!!

جیا لەم هەڵوێستە سەلبی و خراپانەی کوڕەکەی بەرامبەر بە نازم حیکمەت نواندوویەتی، چەند جاری دیکە بەم جۆرە وەسفی باوکی کردووە:

((باوکم لە پێناو چەند ڕۆبلێکی کەم شیعری نووسیوە، بێ بەزەییانە وازی لە من و دایکمی هێناوە و پیاوێکی بێ وەفایە، من هەرگیز سۆز و هەستی مرۆییانەم بەرامبەریدا ناجولێت)).

محەمەد ئێستاکە لە وڵاتی فەڕەنسا نیشتەجێیە، بۆ پشوودان جار جارە سەردانی ئەستەمبوڵ دەکات و لەوێ شوقەیەکی بە کرێ گرتووە، کاتی خۆی بە وێنە کێشان دەباتە سەر، هەروەها لە دەرەوەی تورکیا نوسینگەیەکی تایبەتی کردۆتەوە ئەرکی ئەو نوسینگەیە چاودێری ئەو لایەن و دەزگا و کەسانە دەکات کە بەرهەمەکانی نازم حیکمەت چاپ و بڵاو دەکەنەوە، بەرامبەر بەوەش داوای داهاتیان لێ دەکات!

شایانی بیرخستنەوەیە، نازم حیکمەت بە شاعیرێکی ڕێچکەشکێنی شیعری کلاسیکی تورکی لە قەڵەم دەدرێت و پێشەنگی شاعیرانی شیعری نوێی تورکییە، بە یەکێک لە شاعیرە ئازادیخوازەکانی جیهان دەژمێردرێت و بە شیعرەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و نەتەوە ژێر دەستەکان کردووە و لە پێناو ئازادیدا تێکۆشاوە، چەند جارێک بە ڕووی سوڵتانەکان هەڵشاخاوە، بۆیە چەندین جار دەخرێتە بەندیخانە و پاشانیش بۆ تاراوگە دەیگوازنەوە.

کورتەیەک لەبارەی لێکۆڵینەوەی نوێ

لە مێژووی ئەستێرەناسی ئیسلامی

ن: دکتور حوسێن نەسر/ و: ئەحمەد حاجی مەولود

١ ـ ٢

لە بارەی مێژووی زانستی ئیسلامی و بەتایبەت مێژووی ئەستێرەناسی، بێجگە لە چەند کتێب و نامیلکەو وەرگێڕانی چەند کتێب لە کێندی، لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان کە هەڵگری هەموو بابەتێک بێت و خاڵی نادیار و کوێری مێژووی ئەستێرەناسی ئیسلامی روون بکاتەوە، نەکراوە. بەڕاستی لەم بارەوە دەبێ بڵێین زۆربەی لێکۆڵینەوە بە نرخەکان بەدەستی تاقمێکی کەم لە زانایانی ڕۆژئاوا ئەنجام دراوە، واتا کەسانێک کە بەهۆی هۆگری خۆیان بەم لقە و شارەزاییان لەبارەی زانستی بیرکاری و زمانەکانی ئیسلامی، تەمەنی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاری زانستی بیرکاری و ئەستێرەناسی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا.

سەرەڕای زانایانی سەدەی دوایی وەکو "سدیو" کە دوای هەڵتەکاندنی کتێبە بە نرخەکانی ئەستێرەناسی، ئەوانی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاون، لەم سەدەیەش بەشی هەر گرنگی لێکۆڵینەوە لەم لقە هی چەند کەسێک بووە، وەکو "نالینو"، "میباس ویلاکروسا"، "کێنیدی" و "هارتنر".

لەم وتارەدا ئێمە کارمان بە هەموو بەرهەم و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی هەموو زانایانی ئەم زانیاریەوە نییە، بگرە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی چەند ساڵەی ڕابردوو و ڕوانگای نوێ، کە لە مێژووی ئەستێرەناسی ئیسلامی پەیدا بووە دەخەینە ڕوو.

یەکێک لەو باسانەی کە زۆر کەوتۆتە بەرباس و خواس، سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی ئەستێرەناسی لە ئیسلامدا و ڕێژەی ئەستێرەناسی یۆنانی و ئێرانی و هیندییە لەم بزووتنەوەیەدا.

بەتایبەت گرنگایەتی ئەستێرەناسی سەردەمی ساسانییەکان لە ئێراندا، کە بنەچەکەی کەوتۆتە بەر دەمەقاڵێ و لەم بارەوەیە یەک را نین. زانای سویسی "واندریر وادین" لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە لە سەردەمی ساسانییەکان بزووتنەوەیەکی گرنگی ئەستێرەناسی لە ئێران سەریهەڵداوە، کە جیا لە ئەستێرەناسی هیندی و یۆنانی بووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی ئەستێرەناسی ئیسلامی هەبووە.

بە پێچەوانەوە "پینگری" کە لەگەڵ زمانی سەنسکریت، یۆنانی و پەهلەوی شارەزایی هەیە، دوای خوێندنەوەیەکی وردی بابەتەکانی ئەستێرەناسی ئەم سێ زمانە، بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە ئەستێرەناسی ئێران لە سەردەمی ساسانی، زیاتر دەرەنجامی تێکەڵی ئەستێرەناسی هیندی و یۆنانییە. هەروەها کە لە سەردەمی هەخامنشییەکان، لە ڕێگای ئێرانەوە، ئەستێرەناسی بابلی و یۆنانی گەیشتووەتە هیند و لە سەرهەڵدانی قوتابخانەی گەورەی ئەستێرەناسی و بیرکاری دوایی شوێنپەنجەی دیارە.

"کێنیدی" بیروڕای مامناوەندی لە نێوان ئەم دوو بیروڕایە هەڵبژاردووە. بێگومان لە سەردەمی ساسانییەکان بزووتنەوەیەکی ئەستێرەناسی لە ئێراندا هەبووە و هۆکاری یۆنانی و هیندیشی تێدا بەشداربوون و سەرەنجامی ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی پێکهێنانی زیجی بەناوبانگی "شەهریار".

هەروەها بەڕاستی هەندێک لەو بیردۆزانەی ئەم قوتابخانەیە، وەکو گرنگایەتی نزیکی "زوحەل و موشتەری" کە دوایی ئەبومەعشەری بەلخی لە بەرهەمی خۆیدا ناوی بردووە و تەنانەت مێژوویەکی لەسەر گرنگی ئەم نزیکیە نووسیوە، هی خودی ئێرانییەکانە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرەتای دەستپێکردنی ئەستێرەناسی ئیسلامی، ئێستا ئەمەی ڕوون کردووەتەوە کە دەبێ بۆ پێگەیشتنی، سێ قۆناغ لەبەرچاو بگرین:

١- قۆناغی یەکەم، کە لە سەدەی دووەمی کۆچی دەست پێدەکات، لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی ئەستێرەناسی ئێرانی سەردەمی ساسانی بە جوانی دیارە. "زیجی شەهریار" بناغەی کارەکەیان بوو، کە لەسەری هەڵدەسووڕاو لە بەرهەمی ماشائەڵڵا و ئالی نۆبەخت و عومەری کوڕی فەرخانی تەبەری و ئەبومەعشەری بەلخی، ژمارە تایبەتیەکانی "زیجی شەهریار" باشترین شایەدە لە کاریگەری ئەستێرەناسی ساسانی.

٢- قۆناغی دووەم، کە چەرخی دەسەڵاتی ئەستێرەناسی هیندییە. لە سەردەمی ئیبراهیمی فەزادی تا سەردەمی مامون، واتا لە دەرەنجامی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی "براهما گوپتا" و "ئاریابهاتا" بە ئەنجام گەیشت، شێوەی هیندییان لەبەر چاو گرت و ژمارە و شێوەکانی زیجی هیندی لە بەرهەمی ئەستێرەناسی ئیسلامی باوبوو.

٣- چەرخی دەسەڵاتی ئەستێرەناسی یۆنانی، کە لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبی "المجسگی" بەتلەمیوس لە سەدەی سێیەم دەست پێدەکات و خێرا بووە چەقی ئەستێرەناسان، بە بێ ئەوەی قوتابخانەکانی هیندی و ئێرانی بە گشتی لەناو بچن.

دەبێ بڵێین ئەستێرەناسی ئیسلامی کۆشکێکی گەورەیە، کە بناغەکەی لە تێکەڵی قوتابخانەکانی یۆنانی، هیندی و ئێرانی پێکهاتووە.

دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی چەند ساڵەی دوایی، خاڵێکی زۆری لەبارەی ئالوگۆڕی تایبەت، کە لە ئەستێرەناسی ئیسلامی ڕووی داوە و بەرگی نوێی خستۆتە سەر زانیاری ئەستێرەناسی، ڕوونی کردۆتەوە. ئەم خاڵانە کەوا لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکرێت، لە چەند بابەتی جۆراوجۆر دەرەنجامی بەرچاوی هەبووە:

١- شێوە نوێیەکانی هەژمارکردن و ڕێکوپێککردنی شێوەکانی هەژمارکردن و هیندسە. لەم لقەدا ئەستێرەناسی ئیسلامی، سەرەڕای پوختکردنی هیندسەی خڕو سەرەنجام جیاکردنەوەی سێگۆشەکان لە ئەستێرەناسی بە دەستی خواجە نەسیری توسی لە کتێبی بەناوبانگی "شکل القگاع" کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی بیرکاریدا بە ئەنگام گەیشت، شێوەکانی نوێی هەژمارکردنی نووسیەوە.

دۆزینەوەی کەسرە ئەعشاریەکان و شێوەکانی تەقریب، کە بە دەستی غیاسەدین جەمشیدی کاشانی و ئەوانەی دیکە، ئەوپەڕی بایەخ لە مێژوو نیشان دەدات. هەروەها کە لێکۆڵینەوەکانی "کێنیدی" نیشان دەدات، یەکێ لە بایەخترین دۆزینەوەکانی بیرکاری ئیسلامی شێوەی بەکاربردن و هەژمارکردنی ژمارەیەکی زۆرە لە زیجە ئەستێرەناسییەکان، ئەویش بە کەمترین هەڵە. هەژمارکردن لەم بارەوە تەنانەت کۆکردنەوەی چەند زانای بیرکاری و دابەش کردنی شێوەی هەژمارکردن نەبووە، بگرە دابەش کردنی پێویستیەکانی هەژمارکردن و بەراوردی ڕادەی هەڵەیە، بە شێوەیەک کە کەمترین هەڵەی تێدا بێت. خۆ ماندووکردنێکی وای لەسەر کراوە و دەرەنجامێکی وا بە دەستهاتووە، بەتایبەت لە "زیجی خاقانی" و "ئەلغ بیگ" پێشاندەری شارەزاییەکی بێهاوتایە لە زانستی ژمارە، کە هەندێ لە یاساوردەکانی، زانایانی بیرکاری ئەوروپایی تەنیا لە دوو سەدەی ڕابردوو پێی گەیشتوون.